هۆ ، هۆ " وەفدی کوردستان " هۆ ،

" ٢٧ ساڵە " ، ٢٧ ساڵ

هانێ !

# دەک گڕکانی تووڕەیی " وەفدی کوردستان " و " ٢٧ ساڵە "ی

فایق بێکەس وارۆ بە سەرتانا



فایق بێکەس

جه نووسراوەکەو خوە ێن پێشووتر دە " سەربەخۆیی کوردستان ، سەرتان بخوات ..." ئەمی ئاماژەمان بە مژاری سەردانی شاندی باڵای کوردستان ئی دە باشوور لۆ بەغدا کرد کە ژ سەرۆکی کوردستان و ئەندامانی بەرزی پێکهاتەێن سیاسی ئا کورد ( بێ لە گۆران ) پیک هاتبوو . بوویەرێن دوایی ولو خویا ئەکاتن کو چارەنووسی کوردی باشوور و لەوانیشەوە هی هەموو کوردستان بە گشتی جەو سەردانەدا یەک لا کراوەتەوە ژ ئالیێ کورد و عارەبی داگیرکەری بەغدایی . بابەتی پێشوو گەنگەشەی لایەنی ئابووری و لە ڕاستی دە بە ئاوا دانی بناوانی ئابووری سەربەخۆی کورد کر . واژۆ کرنا گرێبەستی نێوان حکوومەتی هەریم وەگەرد کۆمپانیای ناوزراوی دیلویت گاڤەک گەلێ گرینگ دە وی ئاقاری دا بوو . لە ٢٧/ ١٠ / ٢٠١٦ کارکەر و خەباتکارێن خاڵی سنووری باشماخ جە کردەوەیەکی بوێرانەدا رق و بێزاری خۆیان سەبارەت بە وان کۆمپانیاییێن خۆماڵی و دەرەکی ، کو خویا نیە کا ژ چ دەرەکی ڕا هاتنە ، دەربڕی و ئەو راستیەیان پەی ڕای گشتی مەردم کوردستان لە قاو دا کە حکومەتی کوردستان ئەو سەرچاوەی داهاتەی هەرزان فرۆش و هەڕاج کردگە لەبۆ ئەوان کۆمپانیان و ئەوانیچ بە دەس ئاوەڵایی و بە ڕۆژی رووناک ، کوردەکەو ماچۆ ، داهات و سامانی وڵات و نیشتمانی کوردان تاڵان ئەکەن و ئەی ماشنەوە و لە سەدا ٧٥ ی داهاتی ئەوە خاڵە سنووریە لۆ خۆیان تەرخان کردگە . وەکی تە بێژی کوردستانەکەی خۆمان بەشی ئەوەندە ژن و پیاگی لیهاتووی نیە کە ئەرکی خاڵە سنووریەکان بەڕێوە ببەن . دەبێ کو چالاکیەکی مینا ئەو چالاکیەی کرێکاران و لێخۆڕ و خاوەن بارهەڵگرەکان لە دژی حکوومەت و کۆمپانیا تاڵانکەرەکانی ، ئەڕای سەرچەوریەل فرە باڵکیش و سرنج ڕاکێش نەبێ ، لێ بەرگری لە هاتووچوو و وەستاندنی سەرچاوەی داهاتی خۆیان و کۆمپانیا جەردەکان ، کردە و چالاکیەکی سیاسی-ئابووری هەرە گرینگە و ڕنگ و کاردانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی وەڕز و جاڕز بوو لە دەست دەسەڵات و حکوومەتێکن کە پتر لە خەڵک و خاکی کوردستان دە خەمی کۆمپانیا دەرەکیەکانە و مشووریان ئەخوات . لەمیچ فرەتەرتەر ئەوەسە کە هەر ئەم حکوومەتە بەرژەوندی خۆشی قوربانی ئەو دز و جەردە تالانکەرانە ئەکات و بە چارەکە بەش (٢٥ ٪) بۆ خۆی دەگەڵیان ڕێککەفتگە .

چالاکی سیاسی- ئابووری ئەو مەردمە زەحمەتکێشە هیچ لەوەدا ناهێڵێتەوە و ئاشکرای دەکاتن کا چاڤا حکوومەتی هەرێم تەخشان و پەخشان بە داهات و سامانی نیشتمانی کوردەوە ئەکات و بە چ ئاڤا چاوی چۆک و گیرفان و بەریکێن کۆمپانیا خوێنمژەکانی هاوهاوی پڕ ئەکاتن بە بێ گوێ دانە بەرژەوەندی خاک و خەڵکی کوردستان ، بەو مێژووە خوێناویی و تاڵاویی مێژوویی چەشتن و کاولکاری کوردستان و ئەنفال و کیمیابارانەوە .

دیسا بە لە بەر چاوگرتنی بەرژەوەندی باڵا و نزمی نەتەوەیی و ئی دەبەرز و نەوی خاک و خەڵکی کوردستان بە گشتی و ئی دە باشوور بە تایبەتی ، وادیارە کە " وەفدی کوردستان " ەکەی فایق

بێکەس لە ساڵانی سی یەکانی سەدەی ڕابردوو دا ، لە کورد سەری هەڵدابێتەوە . لۆ نەگبەتی و نەهامەتی و نەهێنانی کورد ئەوەتا کابرای بێچوە مەلای شێعە ، عەمار حەکیم ، کورد لەوە ئاگادار ئەکاتەوە کە سەردانی " وەفدی کوردستان " لۆ بەغدای ، ئەو بەزمەی شەڕی موسڵی وەلێ کەفتگەسەوە . ئەو چەند ژی سووکایەتی بە نەتەوەی کوردە کە هەواڵ و باسێکی هانا گرینگ لەو کابرایە ببیستن نەوەک لە سەرۆکی کوردستان و شاندە باڵاکەی . ژ جیهانا سیاسی و نەمازەر ئی دە دیپلۆماسی دە ئەو سووکایەتیەی عەممار حەکیم وەکی کوشتن و تێروری کەسایەتی و سیاسی تێتە خەمڵاندن و وەرگرتن ، کەچی ولو دیار دەبە کو نە سەرۆک و نە مریێن دەور وبەری وی لەو فێڵە مەلایانەی بێچوە مەلای شێعەی سەفەویی تێ ناگەهن . ئەوەی کە عەمار حەکیم بە تایبەت و هەر وسا ژی سەرۆکی حکوومەتی بەغدا و تێکڕای کاربەدەستانی عارەب ئاشکرای دەکەن لە مەڕ دوا سەردانەکەی " وەفدی کوردستان " لۆ بەغدای و ڕێککەتنی ئاشکرا و نهێنی یان ، خۆبەخۆ مرۆڤ ئەباتەوە سی مێژووی کوردستان و فایق بێکەس و کاردانەوە و توورەیی گرکان ئاسای جە هەمبەر بوویەرەک هانا دا . ئیرۆ فایق بێکەسی مە نینە ، لێ بلا سەبارەت بە هی ئەو دەم لە بوێژی بوێری کورد فایق بێکەس بشنەفین کە ئووشت :

### وەفدی کوردستان

قەدری میللەتتان بەجارێ شکان
نە حەیاتان ما نە ناو و نیشان
باری تەعنەتان وا هاتە سەر شان
«وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان»

***

حاجی تووتنەکەت مادەم فرۆشرا
قیروسیا لە صەد کوشتن و هەرا
دەخیلە هەستە ڕێکەوە خێرا
«دەسکێ لەو گوڵەی باغەکەی سەرا
کەوا بەخوێنی لاوان ئاودرا»

***

تاقمێ ڕێک خەن زۆر بەپڕ لاقی
بەبەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و ساقی
بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراقی
«بیبەنە بەردەم عەرشی عێراقی
بڵێن یار باقی و، هەم سوحبەتی باقی»

***

نە بارانتان دی، نە با ئەی فەقیر
نە لاوان کوژران بەگوللە و شەستیر
نە پێی نازداران خرایە زنجیر
«پەردە و تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟»

***

هاوار بەماڵم چیمان پێ کرا
لە چارەکێکا سەدمان لێ خرا
هێشتا خەڵاتیان ئەکەن بە بەرا
«دەک خەجاڵەت بن لە ڕۆژی مەحشەرا
ئێمەیش خاکی غەم ئەکەین بەسەرا»

***

قەت وا تێ نەگەن چاومان شکاوە
کوشتن و بڕین دائیم بۆ پیاوە
لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە؟
«خەیاڵتان خاوە کورد نە فەوتاوە
بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە»

***

میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ
لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ
لەت و پەت کرێ حقووقی ئەوێ
«من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ»

سلێمانی – ١٩٣١

بێجگە لە کوشتنی سەربەخۆیی ئابووری بە ڕێچکا گرێبەستی نێوان حکوومەتی هەریم و کۆمپانیای مشە و مفتەخۆری دیلویت ، ئەوەتا نها دەرئەکەفێ کە سەربەخۆیی سیاسی و سەروەری نەتەوەیی ژی هێدی هێدی بنکەن ئەکرێتن و ڕێکار ژی شەڕی موسڵە . ئەم ڕەوتە کە لە هەڵەی کارەساتاویی و چەوتی ستراتیژیکیەوە سەرچاوە ئەگرێ ، بەرەوە ئەوە ئەچێتن کە مژاری سەربەخۆیی کورد جە باشوور بەتەواوەتی بپێچرێتەوە و بخرێتە پارێزە و ژ بیر بچێتن . مەترسی و کوورانی هەڵەیەکی مێژوویی هانا کاتێک فرەتەرتەر زەقتەرتەر ئەبێتەوە کە بەغدای تاوان وەکی کۆی داگیرکەری عەجەم و عارەبی کوردستان ( عەجەمستان ، عێراق و سووریە ) کو خۆیان دە ژێر ئاڵای شێعەگەریی سەفەوەیی دا ڕێک خستووتەوە بێتە زانین و ناس کرن ، گۆر ڕووی ڕاستی ڕۆژەوی سیاسی و هزری و ستراتیژی هەنووکەیی .

گەر لە خۆمانی نێک نەدەین و خۆمان نەخڵافێنین ، ئەمێ گشت خڕ مەزانۆ کو لە تێکچوونی ڕژیمی بەعسی سەدامی و رووداوگەل دواتریا ، بزاڤی نەتەوەیی کورد جە باشوور گەشەی کرد و ئەوەی کە مەردم کورد جە باشوور بە ڕاپەرینە مەزن و مێژوویی یەکەی ، ٢٧ ساڵ لەمەوبەر ، دەستیان پێکرد گاڤ بە گاڤ پێشدا چوو و گەهشتە دۆخا ئیرۆژی ، بەرهەمی هاوسەنگی هێزە کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانا بووگە . دەو ڕەوتە دە ژی مژاری سەربەخۆیی کوردستان هاتە هۆلێ و دەهاتە چاروان کرن ژی کو بەیتەرتەر پێشدا هەڕێ و ئارمانجا دێرینی کوردان بێتە دی .

لێ ، با جارێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە داعش و شەڕی داعش چ لە موسڵ و چ لە هەر دەڤەرەک دن بەتەنێ شەر جە دژی هۆڤانەکانی ئیسلامی داعش نینە . داعش و شەڕی دژە داعش بووگەسە هۆکارێک کە تەنانەت کاری کردوەتە سەر چلۆنایەتی پێوەندی نێوان عرووس و ئامریکا ئانکو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە گشتی و لەمەش فرەتر ئەوەسە کە ئەم کاریگەریی یە تەنانەت لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێک وێنەی ئامریکا نە خاسما دە بواری هەڵبژاردنی هەنووکەیی دا ، هەستی پێ دەکرێتن . گومان لەوەدا نیە کە تێکرای یاریکەرانی ناوچەیی و جیهانیی بە بەزمی داعش و شەڕی دژە داعش دەلیزن گۆر بەرژەوەندی و ستراتیژی دوور و نێزیکیان .

لەم بەزمە تێکچرژاو و ئاڵۆزەی شەڕی دژە داعش هەر لایەنێک و ئانکو چێتر واسە کە بووشین هەر بەرەیەک دە هەڵپە و هەوڵی ئەوە دایە کە دە ئاقاری سیاسەتی گشتی خۆی دا ، بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ . شەڕی موسڵ درگا و دەرووی ئەوەی لۆ بەغدا بە تەواوەتی ئاوەڵا کردەوە ( هیچ دووریچ نیە کە لە سەردانەکەی شاندی کورد لۆ بەغدا دای سەپاندبێ ، گۆر لەقاودانەکەی عەمار حەکیم لە سەردانی بۆ لای سەرۆکی کوردستان ) کە دەسەڵاتی لەرزۆکی بەهێز بکات و بە گرتنەوەی موسڵ ئیدی ئەو بەغدا لەرزۆکە نامێنێ و بار و دۆخی سیاسی ناوخۆیی عێراق گۆرانکاری کاریگەری بە سەرا دێت . ئەمەیچ وا ئەکاتن کە چێ دی دۆزی نەتەوەیی کورد نەتانێ لە دۆخی

لاوازی بەغدا کەڵك وەربگرێ و بە هۆیەوە گەشە بکات . خاڵی دۆرانی کورد و بزاڤا نەتەوەیی کوردان لێگرە دیار دەبە و دەس پێ ئەکاتن ، پاش ٢٧ ساڵی ڕەبەق ، کوردەکەو ماچۆ .

جە هەمبەر مەترسیەک هانا دە لە بۆ داهاتووی بزاڤی نەتەوەیی کورد کە ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە، بە بێ هیچ ئەم لا و ئەو لایەک ، سەرکردایەتی کورد شا و خەنی یە کە پاش ٢٧ ساڵ دیسان پۆستاڵی ڕەش و خوێناوی سپا ئەنفالچیەکەی بەغدا گەڕاوەتەوە بۆ سەر خاکی کوردستان، بۆ دووهەمین جار . سەرۆکی حکوومەتی بەغدا و تێکڕای سەرکردە و ژێرکردەی سیاسی و سەربازی عارەبی داگیرکەر ، بە عەمار حەکیمیشەوە – کە ئیرۆ لە چاوپێکەوتنی سەرۆکی کوردستان دەری پری ، ئەم گەڕانەوەی سپای عێراقی لۆ خاکی کوردستان بە سەرکەوتن و دەسکەفتی مێژوویی خۆیان ئەزانن و شانازی وەپێ ئەکەن ، مافی خۆشیانە وەک داگیرکەری کوردستان .

فرە فرە لەمە خراوتەرتەر ژی ئەوەسە کە سەرۆکی کوردستان بە شانازیەوە تێکەڵ بوونی خوێنی پێشمەرگەی کوردستان وەگەرد سپا ئەنفالچیەکەی عێراق ڕائەگەێنێ و لە هەر بۆنەیەک دا دیسا دووپارەی ئەکاتەوە ، وەک فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان . بلا جارێ واز لەو ڕاستیە بهێنین کە سەرکی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە کردەوە نایاسایی یە . جە مێژ دا ئەو مافە لە خەڵک کوردستان ، بە فێڵ و بە کردەوە زەوت کراوە کە بە ڕێکارێکی یاسایی و ئاسایی ، سەرۆک و لەویچەوە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەڕای خۆیان دیاری بکەن .

دۆخی نالەبار و ئاڵۆزی سیاسی – ئابووری کوردستان هەتا بێ قوویل تەرتەر ئەبێتن . ناتەبایی و ئاڵۆزی ناخۆیی یەکیەتی نیشتمانیی گەیشتگەسە ئەو ڕادەیە کە مەلای عەجەم ناوبژێویان ئەکات. گۆران بەتەواوەتی پەراوێز خراوە و ئەمەیچ بەو واتا تێ کە لە سەدا ٢٤ هێزی کارای سیاسی باشووری کوردستان لە کارخراوە . هەوڵی نەزۆکی یەکگرتنەوەی گۆران و یەکیەتی ، کوردەکەو ماچۆ، هەر لە سەر سەک چوو . دوژمنایەتی سووری ترکان جە باکوور و رۆژئاڤای کوردستان و لە هەڤهاتنا ترکان بە عاربی بەعسی سووری و بەزم و هەرای مەلا گوڵەن و لێک نزیک بوونەوەی ترک و عرووسان ، پ ک ک ی لەو دوو پارچەی کوردستان تەنگەتاو کردگە و ئاسۆێکی ڕوون و گەش ئەڕایان نابینرێ . ئەمانەش بەشی کارای بزاڤی نەتەوەیی کوردن و ئی دە ڕۆژهەڵات ژ خوە رە مریە و لە دەرەوەی ئەم مژارە دایە .

جە وەها دۆخێکی قەیراناویی و تژی مەترسی ، تەنیا چتەیەک کە بزاڤی نەتەوەیی کورد پێویستی پێ نەبووە و نیە ، عێراق و بەغدایەکی بەهێزتر لەمەی ئێستایە ، نەخاسما بەوان تایبەتمەندی کە کۆبەندی سیاسەتی داگیرکاری عارەب و عەجەم ها لە وێندەرێ . ناکارامەیی و لێ نەزانینی

سەرکردایەتی کورد ، چارەنووسی گەل و نەتەوەی کورد بە گشتی ، نەبەتەنێ ئی دە باشوور ، ئەو دۆخە قەیراناویی و ئاڵۆز و چەق بەوستوەی ناوخۆیی لێ کەفتگەسەوە . گەر ئەمش بەس نەبوو ئەوەتا بەرەو ئەوە داژون کە بەغدایەکی ( بیخوێنەوە تاران و بەغدا و شامێکی ) بە هێز تر بکەن بە ماڵ بە سەر مەردم کوردا . ئا لەم ستراتیژیە دۆراوە دایە کە خوێنی ئەنفالکراو و ئەنفالکەر پێکڤە تێکەڵ ئەکەن و شانازی پێوە ئەکەن کە تاوانە و تاوانێکی مێژوویی هەری قریژ و ناشیرینە .

ئەم بەزمەی باشوور نوێ نینە و کوردەکەو واتاش پیشەی کۆنیانە . ئەم ناشانازیە پێشتریش بینراوە و کورد ئەم ئەزموونەی هەستۆ کا چاڤا خوێنی پێشمەرگەی کوردستان ، تاقانە و گاورەترین سامانی نەتەوەیی و مێژوویی نەتەوەی کورد ، وەگەرد سەربازە بوودەڵەکانی قولیزادەی باب مەیتەر ، شاهەنشای عەجەمان و هەروەتریش وەگەرد سەربازی پۆستاڵ ڕەشی عێراقی و بەعسی و دواتریش وەگەرد پاسداری مەلای عەجەمان تێکەڵ بوو جە شەڕی ناوخۆیی و شەڕی ڕزگاری و بووە مێژووی جێی شەرمەزاری ژ کوردان رە .



**سەرگۆرد حەبیبوڵای عەباسی**

جێگەی خۆیەتی کە ئاماژەیەک بە یەکێک لە ڕۆڵە ئازا و جەنگاوەرەکانی کورد ، سەرگورد عەباسی بکرێت لێگرە . سەرگورد عەباسی خەڵکی مهاباد و سەربازی سپای عەجەمان بوو لە کاتی شۆرشی باشوور و وەک پسپۆری تۆپخانە هێنرابوە بەرەی شەڕی کورد و ڕژیمی عێراقی . وەک خۆی ئەیگێرایەوە لە لێدانی سپای عێراقی ، هەموو توانا و زانیاری سەربازی خۆی بەکار ئەهێنا و بە

هەستی کوردێنی خۆیەوە یارمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئەدا . دواتر پاش هەرفیانی ڕژیمی قولیزادە ، سەرگورد عەباسی بوو بە پێشمەرگەی کوردستان و یەکێک لە ناودارانی شۆرشی کورد کە بە شێوەیەکی گۆماناویی لە مهاباد و لە گەرمەی دەسەڵاتی حزبەکەی قاسملوو و بەزمی دان و سەندنی کورد و عەجەم و مەلا خومەینی ، تێرور کرا . گەر شانازیەک هەبێتن ئەڕای کورد و پێشمەرگەکانی ، گیانی کوردێنێ و هاوسەنگەری و هاوخوێنی پێشمەرگە و هەموو سەرگورد عەباسیەکانی کوردستانە کە چارەنووسی داگیرکراویی نیشتمانەکەیان لە دۆخیکی وەهایان دائەنێ نەوەک سپای داگیرکەری عارەب و عەجەم و ترکان و گیانی ئاشمێ و گیانی موسڵ و بەکرەجۆ و هەولێر و هتد . ئەوەی پێشمەرگە بناسێ و تاقە یەک ڕۆژ و یەک کاتژیر و یەک چرکە پێشمەرگایەتی کردبێ ، سوور سوور مەزانۆ کە تاقە یەک پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردستان نیە کە شەرم و شوورەیی ئەو ناشازیەی هاوخوێنی و هاوسەنگەری وەگەرد دوژمنی خۆی بە پووشێک بکڕێ . ئەمەش ئەمنباتە سەر ئەو کێشەیە کە چۆن چۆناهی فەرماندەی نایاسایی ئەو پێشمەرگانە بواری وەها سووکایەتێک بە پێشمەرگەی کوردستان و خوێن و گیانی بەختکردوانی بە خۆ ئەدات . سەرۆکی حکوومەت موسڵ بە لووتکە بۆ پێشمەرگە دائەنێ و ئیدی هەر هیچ نەبێ شنگال ژ بیر ئەکا و کەس نینە کۆ بێژێ ، شنگال ، شنگال ، بەرخۆ ، ما تە فەرمان ژ بیر کریە ، دینۆ .

هەمووان لەوە ئاگادارن کە سەرۆکی هەرێم زۆر جاران ئەوەی بە ناچاو مالکی و کاربەدەستانی بەغدا ئەدایەوە کە گوایە ئەوان ئاگادری جموجووڵی داعش لە بۆ گرتنی موسڵ بووگن و بەغدایان لێ وریا کردوەتەوە . دیسا ژی ئەمێ هەمیا گشت لەوە ئاگادارین کە چۆن بەغدای مالکی و سپا فشۆڵەکەی موسڵیان دا بە دەست داعشەوە و پاشان چۆن داعشیان بەردایە کورد و کوردستان . خوێندەوەیەکی پچەک کوور دەری ئەخاتن کە ئەشێ بەغدا ئەوەی وەک ڕێکارێک بکار هانیبێ کە کێشەی کورد جە باشوور بە داعش چار بکات . هاوتەریب وەگەرد ئەمەیچ ئەوەتا ئیسە دەرکەفتگە کە بەعسی سووری و ترکان ژی داعشیان لەبۆ وەها مەبەستێکی دژە کوردانە لە دژی دۆزی نەتەوەیی کورد دکار هانیە . هەر لەم پێکیەش دەست و تیلی مەلای عەجەم لە بەزمی داعشا هێدی هێدی ئاشکراتەرتەر ئەبێتن .

کورد بە گشتی و بە تایبەت خوشک و براێن ئێزدی ئا مە باجەک گەلەک گەلەک گران و پرووکێنەر لە لیستۆک و یاریا قرێژ ئا سیاسی و ستراتیژیک ێن دوژمنێن داگیرکەرێن کوردستان دان . پراوپر شیاوی ڕامانە کا چاڤا سەرکردایەتی کورد و دەزگەهێن تەناهی و پاراستنێ کوردستان ئاگاهدرێ جموجووڵی داعش ژ بۆ گرتنا میسل بوونە ، لێ ئاگاهدارێ هێرەشێ هۆڤانانە و دژە مرۆڤانە بۆ سەر شنگال و مرۆڤێن مە ێن ئێزدی نەبوونە . گەر گازەندەێن وان لە مالکی هەی ، چما ئەو شاشی و کەمایەسی و کورت هێنانێ خوە نابێنن و ئەڤ ئازار و ئێش و فەرمان سەر شنگال ئانین.

مەردم کورد و نەخاسما هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرێ خوە دان شەڕێ نیشتمانیی و داعش شکاندن و سەروەرییێک دیرۆکی جە مێژووی کوردان رە تومار کرن . دۆزا نەتەوەیی کوردان لە سایەی ئەو کاردانەوەی کوردان فرە هەڵی دا و بوو هۆی شانازی ژ کوردان رە و جێی ئافەرینی گشت جیهانی مرۆڤایەتی . هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، پشت بەستوو بە خەڵکی کوردستان و گیانی بەرزی جەنگاوەرانەی پێشمەرگانە ، وەکی تاکە هێزی دیاری سەرکەوتوو بە سەر داعشی هۆڤ ، سەلماندی کە کورد بە بێ بەغدا دکارێ داعش بشکێنێ و شکاندی ژی . گەر وا بێ کە بێگومان هەر واشە ئیدی کورد چ پێویستی بە بەغدای تاوان هەس ئەڕای لێدانی داعشێکە خۆیان بواری سەرهەڵدانی یان لۆ خۆش کرد . راستی ئەوەسە کە پێچەوانەی ئەم مژارە ڕاستە بەو مانایە کە بەغدای تاوان و بەراتدەران و هاوهاوەکانی پێویستیان بە کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبوو و ئەمەش دەبا ببا بە هۆیەک کە سەرکردایەتی کورد دەسکەفت و سەرکەوتنی فرەتری ئەرای مەردم کورد جە هەمبەر بەغدا و تێکڕای نەیارانی کورد پێ مسۆگەر بکردبا .

شەڕی موسڵ لە دوو سەرەوە شەڕێکی دۆڕاوە بۆ کورد . گەر داعش شەڕەکە بباتەوە ( وەک ئەگەرێک نابێ لەبەر چاو نەگیرێت ) ، ئەوە ئیدی کورد ڕووبەڕووی داعشێکی بەهێزتر ئەبێتەوە و سەرئێشە و باجی شەڕی داعش ئەڕای کوردان فرەتەر ئەبێتەوە . هەیا نووکە ، هەر هیچ نە بێت کورد ئەوەی سەلماند کە کە لە کێشی دایە کە وەیشوومەی داعش هەوسار بکات و مەترسیەکانی کێم بکاتەوە . مەترسی داعشی سەرکەوتووی جە شەڕی موسڵ فرە فرە کەمترە جە مەترسی بەغدای سەرکەوتوو لە شەڕی موسڵە و ئەمە ژی ڕووی ڕاستیەک تاڵ ئی دە ژیان و ژیاری سیاسی و گەمە و لیستۆکی سیاسی زاڵی ڕۆژەوەی ڕۆژە ، خۆشمان بێ ئانکو تاڵ .

گەر بەغدا شەڕەکە بباتەوە ، ئەوە بەغدایەکی بەهێزتر لەم بەغدای ئێستا ڕووبەڕووی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی ئەبێتەوە . نابێ و ناشی کە بەغدا وەک کۆبەندی عارەب و عەجەمی داگیر کەری کوردستان و بەرەی ڕووسی – عارەبی - عەجەمی – شێعەگەری سەفەوەیی ( بەرە و تەوەری تاران – مسکۆ – بەغدا – شام ) ژ بیر بکرێتن و گەر ئەمەیچ بدەین بەر چاڤا خوە ، ئیتر مەترسی شەڕی موسڵ و سەرکەوتنی بەغدا چەند قات و کوورتەرتەر و بەرفرەتەرتەر ئەبێتن ئەڕای کوردیەل. لەورا و لۆما دکارین و ئەنانین بووشین کە ئاکام و بەرهەمێ ستراتیژێکی هانا شاش و هەڵە پەی کوردان ، نە لووتکەی پێشمەرگە گۆڕ سەرۆک وەزیرێ هەرێم لێ بەلێ کارەساتێک ئەبێ وەکی هەمووو کارەساتەکانی پێشووتر و لەوانەشە خراتەرتەر .

هەم دیسان ئێمە گشتمان لەوە ئاگادارین کە سەرکردایەتی کورد گەلێ جاران بە ڕەوا پێی لە سەر ئەوە دائەگرت کە باردۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاش گرتنەوەی میسل و دوای داعش ئەشی دیاری بکرێتن . گەلێ هۆکار و لە ناویشیاندا کریستیان یەل موسل کە باری سرنجی ڕۆژئاوای

کریستیان فره فرەتر لە ئیزیدی و سووننە و شەبەک و کاکەیی سی خۆی ڕائەکێشێ ، بنەمای باش و کارا و کاریگەری ئەم هەڵوێستیەی سەرکردایەتی کورد جە باشوور بوون . ئەگەری ئەوەش زۆر باش دە ئارادا بوو کە کورد بتانێ ئەم داخازیەی خۆی مسۆگەر بکاتن . لێ هەر لە سەرەتای شەڕی موسڵ کورد لەم بوارەدا دۆرانی و بە بێ دەستەبەر کردنی داخوازیە سەرەکی و گرینگەکەی لە مەڕ پاشە ڕۆژی موسڵ . پاکانەش ، گۆر پێ لێنانی سەرۆکی هەریمی کوردستان ، ئەوە بووگە کە گوایە لایەنەکانی تر یتر پەلەیان لە دەسپێکێ شەڕەکە دا کرد .

ئەوەی کە سەرۆکی کوردستان بە هێما و بە شێوەیەکی نادیار و ناڕوون وەک لایەنەکانی دیکە ئاماژە وەپێ کر ، لە چڕە و خورەی ( دەستەواژەی کەو و کەوبازان ) تەلەڤیزیۆنی هێلێری کلنتۆن و دۆناڵد ترامپی ئەمریکایی ، بە ڕوونی دەرکەفت . ترامپ ، هێلێری و دێمۆکڕاتە نەیارەکانی بەوە تاوانبار کرد کە بە پەلە پەل شەڕی موسڵ یان دەس پێکرد لە بۆ مەبەستی ڕێخۆری بانگەشەکاریی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئامریکا . گەر وا بێت و لەوانەشە کە هەر وا بووبێت ، ئیتر شەڕی موسڵ دیسان شەڕێکی دوو سەرە دۆراوە ئەڕای کوردیەل . لەورا کو گەر کلینتۆن و دێمۆکڕاتەیەل هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئامریکا بباتەوە ئەوە ئیدی کورد ئەشێ بەلانی کەمەوە لۆ چوار ساڵی دیکە وەگەرد سیاسەتی پشت گوێ خستن و پەراوێز خستنی ئۆباما و دێمۆکڕاتەکان لە مەڕ دۆزی کورد هەڵ بکات کە هیچ لە بەرژەوەندی کورد نەبووگە و نابێ . گەر ترامپ بیباتەوە ئەوە ئیتر کورد ڕووبەڕووی ئەم کابرا و سیاسەتی نادیار و جارنا مەترسی داری کۆماریەکان ئەبێتەوە کە لەوانەیە نەک هەر هیچی بۆ کورد وەلێ شێن نەبێتن ، لێ بەلێ دژ ژی دەرکەوێ .

بە گوێرەی پەیڤی سەرۆکی هەرێم بێت ، ئەشی جەنابیان و بەغدا ، ئامریکاشیان وەگەرد بووت ، لە سەر ئەوە ڕێککەوتبێن کە ژ بلی و لە جیاتی دیاریکردنی پاشە ڕۆژی موسڵی پاش داعش وەک داواکاری کورد ، لێژنەیەک پێک بهێنرێ لۆ ئەم مەبەستە . لێژنەکە لە کێ پێک دێ ، دیار نیە . کورد ئەزموونی لێژنەی لەم بابەتەی هەستۆ و تاقیکاری لێژنەی مادەی ١٤٠ وە پیمان ئووشت کە ئەم ڕێکارە هەر لە ئێستاوە دیارە کە هیچی لێ شین نابێت و لە مەیچ خراوتەر ، ئەبێتە هۆکاری سەرئێشە و خاپاندن و تەفرەدان و پاشقول لێ گرتن .

ئەم بەزمە و ئەم گەمە و وازیە دۆراوە هەموو دەسکەوت و بەرهەمی " وەفدی کوردستان " و دوا سەردانیان لۆ بەغدایە کە خەڵکی دیکە و نەیارانی کورد فرەتر لە خودی وەفدکە – شاندەکە و بە مەبەست و بە فێڵە مەلایانە و سیاسیانە ناوەرۆکەکەی لە قاو ئەدەن . کورد ژی هیچی بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێ کە پاش ٢٧ ساڵ ، هێنانەوەی سپای ئەنفالچی و کیمابااران و کاولکاریی داگیرکەری کوردستان و هاتنی حەشدی شەعبی و ئەو دۆخە نالەبارەی کە بە سەر کورد و نیشتمانەکەی

داهاتووە ، تەنیا بە بەستەی ٢٧ ساڵەی بێکەسی لەهەنگ و باش پەهلەوان وەرام بداتەوە و دڵمان بەوە خوەش بێت کە

میللەت مەتینە عەزمی نانەوێ ؛ لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ ؛ لەت و پەت کرێ حقووقی ئەوێ      ( فایق بێکەس )

فایق بێکەس ئووشت :

## بیست و حەوت ساڵە

١

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بەنان و ئاو و جل بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٢

بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بە فڕ و فیشاڵ ئەم خەڵەتێنی
ڕۆژی نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی
کە ئیشت نەما وازم لێ دێنی
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٣

بیست و حەوت ساڵە من تووشی تۆ بووم
لە ڕێی ژیانا هیچ پێش نەکەوتووم
لات و پەژموردەم. هەروەکو مردووم
قسەی خۆمان بێ حەشرت پێ کردووم
هیوام نەماوە، تازە لە دەست چووم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٤

بیست و حەوت ساڵە تاڵە ژیانم
لەژێر دەستیی تۆ زۆر پەرێشانم
لە ئینسان ناچم، عەینی حەیوانم
کەی ڕزگار ئەبم ماڵی وێرانم؟
وا بەخۆت ئەڵێیت (حامی)ی گەلانم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٥

بیست و حەوت ساڵە من بەتەماتم
چاوەڕێی نەختێ لوتف و خەڵاتم
ببوژێتەوە خاکی وڵاتم
هیچ گوێ نادەیتە دەرد و ئاواتم
چونکە ئەیزانی بێ دەسەڵاتم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٦

بیست و حەوت ساڵە زووخاو ئەنۆشم
لە زوڵم و جەورت هەر چاو ئەپۆشم
بۆ ڕەزامەندیی تۆ تێ ئەکۆشم
لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم
وا تێ گەیشتم کە چەند بێ هۆشم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٧

بیست و حەوت ساڵە تەفرەی خۆم داوە
وازم لە هەموو کەسێک هێناوە
تۆم گرتووە و، دنیام خستۆتە لاوە
بۆیە پێم ئەڵێن کەر و ڕێشگاوە
ئەوی تۆی ناسی ملی شکاوە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٨

بیست و حەوت ساڵە دەم بەهاوارم
جارێ ناپرسی لە حاڵی زارم
سووتام، پڕووکام زۆر بێ قەرارم
ئەزانی لە تۆ بۆچی بێزارم؟
شارەزای دەردمی. ناکەی تیمارم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

٩

بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیاد و کەم
ئەپاڕێمەوە. هەر هاوار ئەکەم
یاخوا کافریش نەبێ بەجەستەم
وێڵ و سەرگەردان بێ تین و خەستەم
هیچم پێ ناکرێ، دیل و دەست بەستەم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

١٠

بیست و حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحواڵم بە دەست تۆوە زۆر شڕە
صەد بەڵێن بدەی لەلای من ترە
بەسیەتی ئیتر ئەم وڕە - وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

١١

من ڕەنجبەرێکم پاک و بەسەزمان
هەوڵم بۆ داوی بەدڵ و بەگیان
بەسیەتی ئیتر درۆ و تەفرە دان
وا ئەبێ عەدل و ئینساف و ویجدان
ئەمکەی بە دیلی (عێراق) و (ئێران)
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بەناهەق وا سووکت کردم؟!

سلێمانی ١٩٤٦

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٦ / ١٠ / ٣٧